www.kurdistannet.org
02/03/2003 00:58

تورکیا لەیاسای نێودەوڵەتی تێناگات!!

مەهدی ئەبوبەکر
mahdy23@maktoob.com

زۆر جار پرسیاری ئەوە دەکرێت کە کێ جێگای سەرۆکی عیراق دەگرێتەوەو شێوازی ئەو رژێمە سیاسیەی کەلەبەغدا دادەمەزرێت چۆن دەبێت؟

هەندێك وەڵامەکەیان ئەوەیە کە واشنتۆن پیاوێکی وەك کارزای دەدۆزێتەوەو لەسەر کورسی حوکم دایدەنێتو شێوازێك لەرژێمی سیاسی لەنمونەی میسر یان مەغریبی عەرەبی لەبەغدا دروست دەکات، بەڵام هەندێکی تر ئەوڵاتر دەڕۆنو گەشبینن بەرامبەر بەوتەکانی لێپرسراوانی ئەمریکا، کەبەنیازن شێوازێکی حوکم لەسەر نمونەی دیموکراسیەتی رۆژئاوایی دادەمەزرێنێتو دواتر بیکاتە خاڵی گۆڕان بۆ هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو بۆچوونانە هەرچییەکیان راست دەرچێت کاریگەری لەسەر دەوڵەتانی دراوسێی عیراق دەبێت.

ئەوەی تائێستا جێگای دڵخۆشی واشنتۆنە عیراقییەکان، ئەگەر چی لەسەر هەندێك خاڵ ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە، کەئەوەش نیشانەی زیندوویەتی کۆمەڵگای عیراق نیشان دەدات. هەموو کۆکن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراقو سوورن لەسەر پێکەوە ژیان لەچوارچێوەی رژێمێکی سیاسیدا کە مافی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای عیراق فەراهەم بکات.

کەواتە: دراوسێکان دەبێت چۆن لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە سیاسیەدا کەلەئەنجامی گۆڕانکاری دێتە ئاراوە هەڵسوکەوت بکەن؟

وڵاتێکی وەکو عیراق کە سنوری لەگەڵ شەش دەوڵەتدا هەیە تائێستا هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانە بەئاشکرا باسی ئەوەی نەکردووە کە دەبێت لەعیراقی دوای سەدامدا بەشی هەبێتو لەدەسەڵاتدا بەشداری بکاتو سەرەڕای ئەوەش پێش گۆڕانکارییەکان هێزی سەربازی ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکات، باسنەکردنی ئەو مەسەلەیەش، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو دەوڵەتانە لەبنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیو بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان تێگەیشتوون کە هەرگیز ناکرێت، سەروەری نیشتمانی وڵاتێك بەو جۆرە داواکاریانە پێشێل بکرێت.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە تەنها تورکیا، کەوتۆتە بیانووگرتن بەئەمریکاو عیراقیەکانو دەیەوێت لەکاتی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی ئەمریکادا ژمارەیەکی هێندەی ژمارەی هێزەکانی واشنتۆن سەرباز ڕەوانەی عیراق بکات، بەبیانووی ئەوەی کورد ئەگەر هەڕەشەی ئەو هێزانەیان لەسەر نەبێت، ئەوا دەوڵەتی سەربەخۆ رادەگەیەنن و مافی کەمە نەتەوەیەکانی وەکو تورکمان دەخۆن، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات هێزی پێشمەرگەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان چەکبکرێت، تانەبنە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی و بەربەست لەدەستێوەردانەکانی لەعیراقدا دروست نەکەن.

دەپرسین، ئایا ئەو داواکارییانە لەتوانای جێبەجێکردندایە؟

داواکاری لەو جۆرە ئەگەر لەلایەن ئەمریکاشەوە مایەی رازیبوون بێت، ئەوا لەلایەن گەلی کوردەوە هەرگیز هەرس ناکرێت، چونکە ئەو دەوڵەتە کۆمەڵێك ناکۆکی مێژوویی لەگەڵ کوردو عیراقیەکاندا هەیەو هەر هەنگاوێك لەو بارەیەوە ڕێگا لەبەرقەرارکردنی ئاسایش لەداهاتووی عیراقدا دەگرێت.

بەڵام پرسیارێك تا هەنوکە بێ وەڵام ماوەتەوەو پێویستە واشنتۆن وەڵامی بداتەوە، ئایا ئەمریکا ئامادەیە بەرامبەر بەکارهێنانی خاکی دەوڵەتێك لەهێرشی سەربازیدا لەدژی عیراق، قوربانی بەستراتیژیەتی خۆی لەعیراقدا بداتو ئەو پرۆژەی بەدیموکراسیکردنەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی لەدیسەمبەری ساڵی ڕابردوودا ڕایگەیاند بخاتە ژێر پرسیارەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣